


# نەخشەی جیهان لە لایتێکدا

زۆر جار نەخشە( map) یەکێکە لە پێداویستییە گرنگەکان، ڕەنگە زۆرجار ئەوەتان بۆ هاتبێتەپێش کە پێویستتان بە نەخشە هەبووبێ، بەڵام بەهۆی نەخشەکانی سەر کاغەز نەگەیشتوونەتە ئەوەی مەبەستتانە، چونکە هەڵگرتنی کاغەز بەهۆی تەنکی و زوو تێکچوونی ناکرێ وەك پێویست سوودی لێوەربگیرێ. هەروەها ئامێرەکانی GPSی دیجیتاڵیش هەرچەندە تارادەیەکی زۆر ئەو گرفتەیان نەهێشتووە، بەڵام چونکە شاشەکەیان زۆر بچووکە ڕەنگە نەکرێ بە وردی شوێنی مەبەستی سەر نەخشەکە دەست نیشان بکرێ. بەڵام ئەو پرۆژێکتۆرە بچووکە هەموو ئەوگرفتانەی نەهێشتووە. ئەو ئامێرە لایتییە کە بە Maptor ناساوە، پرۆژکتۆرێکی بچووکە دەتوانێ نەخشەکان لەهەموو شوێنێك نیشان بدات، جگە لەوەش سیستەمی GPSیشی لەگەڵدایە.

## گەشتێک بە جیهانی ئینتەرنێتدا




www.viewmy.tv

# کۆکردنەوەی گشت TVیەکان لە سایتێکدا

زۆر جار لەسەر هێڵی ئینتەرنێتی بەڵام حەز دەکەی چاو لە فیلمێکی تەلەڤزیۆنی یان لە بەرنامەیەکی تایبەت بکەی کە لەو ساتەدا لە TVیەك بڵاودەبێتەوە، ئەوکات ناچار دەبی لەسەر کۆمپیوتەرەکەت لابچی و بچی سەیری سەتەلایت بکەی. سایتی www.viewmy.tv تارادەیەك ئەو گرفتەی نەهێشتووە، گەر سەریك لەم سایتە بدەی دەتوانی بەبێ هیچ چەشنە پرۆگرامێکی تایبەت سەیری تەلەڤزیۆنەکان بکەی، تەنانەت دەتوانی لەو سایتەدا کیشوەر و ناوچە جوگرافییەکانیش دەست نیشان بکەی. سەیرکردنی TVیەکان بەبێ بەرامبەرە و پێویست بە تۆمارکردنی ناویش ناکات.

---

# Google maps و نۆ تایبەتمەندی نوێ

گوگل لەو ماوەیەدا 9 تایبەتمەندی بە goolge maps وە زیاد کرد. لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییەی لەGimalی گوگلدا کراوە، گرووپێکیش لە پسپۆرانی بواری IT لە کۆمپانیای گوگل هەوڵیانداوە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە Google maps دا بکەن. ئەو تایبەتمەندییانەی لە نەخشەی گوگلدا زیاد بوونە ئەمانەن:

- دەکرێ زوومێکی لە رادەبەدەری نەخشەکان بکەی.
- وێنەی گیراو بە مانگی دەستکردەوە: ئێوە دەتوانن لەناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا ئەو وێنانەی بە مانگی دەستکرد گیراون سەیر بکەی، هەرچەندە ئەو تایبەتمەندییە تاکو ئێستا هەموو ناوچەیەکی جیهانی نەگرتۆتەوە.
- تێستکردنی بەکارهێنەر لە بواری جوگرافیاوە، گوگل لەبەکارهێنەرانی پرسیار دەکات "ئەو ناوچەیە کوێیە؟"
- نەخشەکان دەتوانن بیانسوڕێنی کە پێشووتر نەخشەکان بەم شێوەیە نەبوون.
- نیشاندانی خزمەتگوزاری و تایبەتمەندی ئەو ناوچانەی کە مەبەستتن.
- نیشاندانی درێژی و پانی جوگرافیایی زۆر ورد بە هۆی ماوسەوە.
- نیشاندانی بەرزی و نزمی ناوچەکان.
- توانایی زوومی هۆشمەند: لەو ناوچانەی کە وێنەکان زۆر روون نین، کرداری زوم کردن رادەوەستێت.
- توانای خزن کردنی نەخشەکە بە کوالیتی بەرزەوە.






# زانیارییەکی گرنگ لەبارەی مۆبایلەوە

زۆر جار لەو فایلەدا ئاماژەمان بەوە کردووە کە مۆبایل ئیدی ئەو ئامێرە سادەیە نەماوە کە تەنیا ئەرکی پەیوەندی گرتن ئەنجام بدات، بگرە کامێرایە، ویب کەمە، ریکۆردەرە... هتد. بەڵام رەنگە کەمتان ئەوەتان بیستبێ کە مۆبایل دەکرێ وەك ریمۆت کۆنترۆڵیش سوودی لێوەربگیرێ. یان ئەو ئەرکەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین ئەنجامبدات.

ئێستاکە زۆربەی ئۆتۆمبیلەکان زۆر ئەرکیان بە ریمۆت کۆنترۆڵە، واتە لە رێگای دوورەوە دەکرێ دەرگاکانی داخەی، گلۆپەکانی کۆنترۆڵ بکەی، یان تەنانەت ئۆتۆمبیلەکە دابگیرسێنی و بکوژێنییەوە. رەنگە ئەوەتان بۆ هاتبێتە پێش، کە ریمۆت کۆنترۆڵەکەتان لە شوێنێك لەبیر چووبێ، لەکاتێکی ئاوادا کە ریمۆت کۆنترۆڵتان لەبیرچووبێ و دەرگاکانی ئۆتۆمبیلەکەت داخستبێ و سویچیش لە ئۆتۆمبیلەکە دابێ چ دەکەی؟ لەکاتێکی ئاوادا مۆبایل زۆر بە سوودە. گەر ریمۆت کۆنترۆڵەکەتان لە ماڵەوە لەبیرچووبوو، زەنگ بۆ ماڵەوە لێدەدەی و داوای دەکەی کە ئامێری ریمۆت کۆنترۆڵەکە بەدەستەوە بگرێ و دوگمەی کردنەوەی دەرگاکان لێبدات، تۆش مەودات لەگەڵ ئۆتۆمبیلەکە لەیەك مەتر کەمتر نەبێت، ئەوکاتە بە سەرسوڕمانەوە دەبینی کە دەرگاکانی ئۆتۆمبیلەکە لە رێگای دوورەوە دەکرێنەوە!!

# بچووکترین پرینتەر لە جیهاندا

پرینتەر یەکێکە، لە ئامێرە لاوەکییەکانی کۆمپیوتەر و ئەو ئامێرە گرنگەیە کە دەقەکانی سەرشاشە دەخاتە سەر کاغەز و لە دەقێکی بێ گیانەوە دیانکات بە دەقێکی زیندوو. قەوارەی پرینتەرەکان و هەروەها جۆری کارکردنیان جیاوازە، بەڵام لەهەموو جۆرەکانیاندا، قەوارەی پرینتەرەکان ئەوەندە گەورەن کە لە جانتا ناخرێن و ناکرێ وەك لاپتۆپ بۆ هەر شوێنێك لەگەڵ خۆتی بەری. ئەوەش تارادەیەك ئاستەنگە بۆ راگواستنی پرینتەر.

لەم دواییانەدا کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ، پرینتەرێکی بەرهەم هێناوە کە سایزەکەی تەنیا 23 سم و دەکرێ بە ئاسانی لە جانتادا جێگای ببێتەوە. پرینتەرەکە بە Stick pop ناسراوە تەنانەت ئەوەندە بچووکە لە گیرفان دا جێگای دەبێتەوە. ئەو پرینتەرە شاشەیەکی OLED هەیە کە چۆنییەتی پرێنت کردنەکە نیشان دەدات. دەبێ ئەو فایلەی پرینتی دەکەی بە فلاش میمۆری بیگوازیەوە بۆ پرینتەرەکە. گەر نیازت هەبێ لاپەڕەیەکی تایبەتی لەو فایلە پرێنت بکەی لەرێگای شاشەی سەر پرێنتەکە دەتوانی لاپەڕەکان بەرەوپێش و دواوە بەری و لاپەڕەی مە بەست پرێنت بکەی.




# ناساندنی پرۆگرامی Folder Lock v6




زۆر جار هەیە، حەز ناکەی و بە گونجاوی نازانی کە فایل و داتاکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت کەسێکی دیکە بیانکاتەوە، هەندێك فایلی تایبەتی هەن کە زۆر نهێنین. بۆ پاراستن و راگرتنی فایلە نهێنییەکان گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەرکی پاراستنی ئەمنییەتی فایلەکانیان بەئەستۆیە، یەکێك لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی Folder Lock v6ـە، ئێوە بەو پرۆگرامە دەتوانن سەرەڕای دانانی پاسۆرد واتە وشەی نهێنی لەسەر فایل و فۆلدەر و درایڤەکان، دەتوانی بیانشاریەوە یان قفڵیان بکەی. هەروەها بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ فایلە شاراوەکان لە دزە کردنی ڤایرۆس و ترۆژانەکان بپارێزی. جیاوازیەکی بەرچاو لە نێوان ئەو پرۆگرامەوە و پرۆگرامە هاوشێوەکانی دیکە لەوە دایە، کە ئەو فایل و فۆلدەرانەی بەهۆی پرۆگرامی دیکەوە دەشاردرێنەوە یان قفڵ دەکرێن، بەهۆی سیستەمێکی دیکەی ویندۆزەوە دەکرێ فایلەکە بکەیەوە، بەڵام لە پرۆگرامی Folder Lock v6دا وەزعەکە بەم شێوەیە نییە، تەنانەت ئەگەر فایلەکە کۆپی بکرێتەسەر فلاش یان CDیش کەس ناتوانێ سوودیان لێوەربگرێ.